
# سوپەرساوروس
# Supersaurus




## تایبەتمەندی :


سوپەرساوروس واتە(مەزنە دایناسور)، لە ناوەکەی و لە بارستایی کێشی جەستە و بەرزایی قەڵافەتییەوە دیارە کە مەزنترین گیانداری هەتا ئێستا دۆزراوەوەی سەر ئەم گوی زەمینەی ئێمەیە .

قورسی و کێشی لەشی سوپەرساوروس(50)هەزار کیلۆ بووە. لە ڕووی ئەو فۆسیلانەی کە لێی دۆزراوەتەوە، درێژایی قامەتەکەی، لە تەپڵی سەوە هەتا بنەبانی کلکی، بە 42 مەتر و، بەرزایی بەژنەکەی بە 17 مەتر مەزەندە کراون.

کلک و ملی درێژی ئەو گیاندارە، سەرەڕای بەهرە و قازانجی ڕۆژانەیان، لە درێژەی ژیانیشی دا وەک ڕاگری باڵانسی لەش، یاریکاری بوون.

دوو باسکەکانی سوپەرساوروس لە دوو قاچەکانی کورت تر بوونە. بەڵام دەست و پێی چەشنی یەک و بە شێوەی دەست و پێی(فیل)، پێنج قامکە بوون. لە هەر چوار دەست و پێی سوپەرساوروس دا، تەنیا قامکێکیان نینۆکێکی تیژی چەنگوڕئاسای بەسەرەوە بووە. نینۆکە تیژە چەنگوڕئاساکەی سوپەرساوروس، زیاتر بۆ هەڵکەندنی

زەوی و دەرهێنانی ڕەگ و ڕیشەی دار و درەخت، یان بۆ شەڕ و بەرگری لە دژی گیاندارانی هێرشکار، کەڵکی لێ وەرگیراوە.



سوپەرساوروس لەوانەیە نینۆکی دەست و پێی لە دژی هێرشکاران بەکار هێنابێت.

کلکی درێژ و بەتوانای سوپەرساوروس چەکی دووەمینی بووە، کە لە دژی هێرشی دایناسۆرە گوشتخۆرەکان خستوویەتە کار.
سیستەمی دەم و ددانەکانی سوپەرساوروس بەچەشنێک بووە کە بکرێ گژ و گیا و گەڵا و چڵ و چرۆی دار و درختی پێ بڕنێتەوە. ددانە کول و کەم تیژەکانی ئەو

گیانداره مەزنە، لە بەشی پێشەوەی دەمی دا جێیان گرتبوو و لە بەشی دواوەوەی لغاوەکانی دا هیچ ددانێکی نەبووە.

## شێوەی ژیانی سوپەرساوروسەکان :

ئەو چەشنە دایناسۆرە ژیانی گەللەیی و تێکڕاییان بووە، واتە پێکەوە چوونە لەوەڕ و دوای چروساندنەوەی لەوەڕگەکان و کەمبوونەوەی تفاق بۆ خواردن، بەتێکڕایی و پێکەوە کۆچیان کردووە و بەرەوە لەوەڕگەیەکی تازە ڕۆیشتوون.




بە گوێرەی ئاسەواری دۆزراوەوەی هێلکەی سوپەرساوروس، کە لە ڕێچکەیەکی دوور و درێژ دا بیندراونەتە، دەردەکەوێت کە سوپەرساوروس وەک هەموو سارۆپودەکان لە کاتی کۆچ و سەفەر دا هێلکەیان داناوە و جییان هێشتوون. هەروەها ئەمەش دەسەلمێنێت کە سوپەرساوروسەکانیش هیچ ئاگاداری و چاوەدێرییەکیان لە هێلکە و منداڵەکانیان نەکردووە.

## هۆی درێژیی ملی سوپەرساوروس :


گیاندارانی کورت و کەم باڵای سەردەمی سوپەرساوروسەکان، لە گژ و گیای ژێر دار و درەختانی لێڕەوارەکانیان خواردووە ، بەڵام دایناسۆرە بەڵابەرزە گیاخۆرەکان لە پەلک و چڵ و چرۆ و گوڵ و بەری دارە بەرزەکان کەڵکیان وەرگرتووە. بۆ بەهرە وەرگرتن لە بەرگ و بەری درەختی باڵابەرزی وەک کاژ و سنەوبەریش، پێویست بووە گیانداری گیاخۆر دەمیان پێی ڕابگات. ملی درێژی دایناسۆرە گیاخۆرەکان بەپێی پێداویستییەکی تەمەنی و زەمەنی و ژەنەتیکی، خۆی دەگەڵ سروشت ڕێک کردووە.

سوپەرساوروس یەکێک لە ملدرێژترینی دانیاسۆری سەردەمی خۆی بووە. بە هۆی ملی درێژی، بە ڕەحەتی سەری بە نێو لک و پۆپان دا گێڕاوە و سەرتوولی دار و درەختەکانی خواردووە.

سوپەرساوروسەکان گیاندارانێکی زۆرخۆر بووە. ئەو چەشنە دایناسۆرە لە کەنار دارستانە نیوە گەرمەسێرە پڕ بارانەکاندا ژیاون . ئەو مەڵبەندە نیوەگەرم و بە بارانانەش، بەهۆی یاریکاریی سروشت، بەردەوام داپۆشراو لە هەمە چەشنە دار و درەخت و کژ و گیای جۆراوجۆر بووە.

خورد و خۆراکی تایبەتی سوپەرساوروسەکان پەلک و گەڵا و گوڵ و بەری درەختی کاژ بووە.


سوپەرساوروس کژ و گیا و لک و پۆپی دار و درەختانی بە پەلە و بەبێ جووتن قووت داوە و لە ڕێخۆڵە دوور و درێژەکانی دا دەگەڵ بەردی نێو ئاشک و ڕیخۆڵەکانی دا لێکی داون و وردی کردوون.



بەردی ناو ئاشک و ڕیخۆڵەی سوپەرساوروسەکان بۆ وردکردنی خۆراکی نەجووتراو .

## پلەی فام و ڕادەی بەهرەی هۆشی سوپەرساوروسەکان :

بە باوەڕی هەندە زانایێکی دیرینەناس، سوپەرساوروسیش چەشنی دیپلۆدۆکۆس و براکیۆساوروس، خاوەنی مێشکی دووەم بووە. بەڵام زۆربەی دیرینەناسی ئەم سەردەمە پێیان وایە ئەوەی کە پێی دەگوترا مێشکی دووەم، لە ڕاستیدا گەورە بوونەوەی دەماری هەست(عصب)ی بووە لە بەشی ڕانی گیانداران دا. شایانی باسە، گەورەبوونەوەی دەماری هەست لە بەشی ڕانی هەندە گیاندارێک دا بە ڕادەیەک بووە، کە چەند جار لە مێشکی گیاندارەکە زلتر بۆتەوە.
سوپەرساوروس لە ڕاستیدا چەشنە سارۆپۆدێک بووە کە هۆشی ئەو بەرە گیاندارە لە نێو دایناسۆرەکاندا لە پلەی مام ناوەندیی دا بووە.



پەراسوویەک (3) مەتر، مۆرەکانی ملی سوپەرساوروس کە درێژایی هەر یەک لەو مۆرانە، (1/5) مەترە و ئێسقانێکی (لەگە)ی سوپەرساوروس، کە نزیک بە 2 مەترە.


## چەند نموونە لە فۆسیلی سوپەرساوروس :



فۆسیلی ئێسقانێکی سوپەرساوروس







Sauropods
1m




سوپەرساوروس

# ساورۆلۆفوس
# Saurolophus




## تایبەتمەندی :


ساورۆلۆفوس دایناسۆرێکی گیاخۆری، پۆپە لە سەری، دەمو پەل باریک بووە. بەرزیی پۆپەی ئێسقانیی بانی سەری ئەو دایناسۆرە 13 سانتیمەتر بووە. تەپڵی سەری پانی ئەو گیاندارە کەمێک بەرەو نێوچەوانی لێژایی هەبووە. دەمو لێوی ساورۆلۆفوس بە شێوەی دەندووکی پانی مراوی بەرەو پێش ڕاکشاوە و لە حاڵەتی لمبۆز چۆتە دەر. لێوی سەرەوەی ئەو چەشنە دایناسۆرە ، لە بەری پێشەوە دا کەمێک بەرەو سەر قیت ببۆوەوە.

ساورۆلۆفوس لە بەشی پێشەوەی دەمی دا هیچ ددانێکی نەبووە، بەڵام لە ناو دوو توورەکەی لا لغاوەکانی دەمی دا بە سەدان وردە ددانی تیژی هەبووە کە بۆ ئەنجنینی گژ و گیا بەکار هاتوو بوون.



پۆپەی تەپڵی سەری ساورۆلۆفوس و زەقایی نێوچەوانەکەی و دەم و لێوی شێوە دەندووکی ئەو، چەند تایبەتمەندیی ئەو دایناسۆرە بوون

دەستەکانی ئەو دایناسۆرە سێ قامکە بوونە و هەر قامکەشیان نینۆکێکی چەشنی (سم)ی مەڕ و ماڵاتانیان بە سەرەوە بووە. دەست و باسکی ساورۆلۆفوس کورت تر و باریکتر لە قاچەکانیان بوون. قاچە ئەستوورەکانی ئەو دایناسۆرە سێ قامکی بوون و هەر قامکەی لە جیاتی نینۆک، (سم)ێکیان بەسەرەوە بووە.
ساورۆلۆفوس لە سەر دوو پێیان ڕۆیشتووە، بەڵام لە کاتی لەوەڕکردنی گژ و گیای بەرپێی دا، توانیویێتی دوو دەستەکانیشی بخاتە سەر هەرد.



دەست و قاچی ساورۆلۆفوس سێ قامکە بوون و قامکەکانیشی نینۆکی چەشنی (سم)ی مەڕ و ماڵاتیان بەسەرەوە بووە.


دوو بازنەی ڕەقی ئێسقانی بە دەوراندەوری قوڵکەی چاوەکانی ساورۆلۆفوس دا هاتبوون، کە دوو چاوە زیتەکانی لە قوڵایی ئەو دوو بازنە ئێسقانییە دا جیگیر ببوون.



بازنەیەکی ڕەقی ئێسقانی بە دەوری قوڵکەی چاوەکانی
ساورۆلۆفوس دا هاتبوون کە ئەو بازنە ئێسقانییە
چاوەکانی ئەویان پاراستووە.

درێژیی قامەتی ساورۆلۆفوس 12 مەتر، بەرزیی باڵاکەی 4 مەتر و کێش و قورسایی جەستەکەی 2700 کیلۆ بووە.


ساورۆلۆفوسەکان ئاخر دایناسۆرانی بنەماڵەی(ئۆرنیسۆپۆد Ornithopods)ەکان بوون.



(ئۆرنیثۆپۆد)ەکان دایناسۆرانێک بوون کە چەندین چەشن و بەرە
و ڕەگەزی تریان لێ جیا ببۆوەوە. بۆ وێنە: ساورۆلۆفوس،
ئەدمۆنتۆساوروس، ئەنەتۆتایتەن، مەیازۆرا و براکیلۆفۆساوروس

ئۆرنیسۆپۆدەکان(Ornithopods)دایناسۆری گیاخۆر بوون، کە لە سەر دوو پێیان ڕۆیشتوون و شێوەی ڕاکردن و هاتووچۆیان بە شێوەی کانگۆرۆکانی ئەم سەردەمە بووە، واتە زیاتر بە شێوەی قەڵەمتۆز هاویشتن و هەڵبەز دابەزکردن ڕۆیشتوون و ڕایان کردووە. ئۆرنیسۆپۆدەکان تیرە و بەرەی زۆریان لی جیا ببۆوەوە. یەکێک لەو تیرە مەزنانەی کە لە بنەماڵەی ئۆرنیثۆپۆدەکان دا بوون، تیرەی (هادرۆسارینا Hadrosarina) بووە کە هەر ئەو بەرەیە، بریتی بووە لە چەندین چەشنە دایناسۆری تر، کە ناوی چەندێکیان ئەمانەن :


Saurolofus – Ouranosaurus – Parasaurolofus – Camptosaurus – Edmontosaurus – Heterodontosaurus – Lambeosaurus – Dryosaurus – Fabrosaurus – Thescelosaurus , …



چەند نموونە لە سەر و سەکوتی دایناسۆرانی بنەماڵەی ئۆرنیتۆپۆد، کە ساورۆلۆفوس ئەندامێکی ئەو بنەماڵەیە بووە.

## سەردەمی ژیانی ساورۆلۆفوس :


ساورۆلۆفوس لە دەورەی کرەتاسیوسی نوێ، واتە لە نێوانی 68 هەتا 72 ملیۆن ساڵ پێش ئەمڕۆ لە ژیان دابوون. ئەم چەشنە دایناسۆرە لە قڕتێکەوتنە مەزنەکەی ئاخر کرەتاسیوس دا توخم و تۆویان فەوتا و لەناو چوون.




## خورد و خۆراکی ساورۆلۆفوس :


ئەم چەشنە دایناسۆرە، گیاخۆر بوون. سیستەمی دەم و لێوی دەندووک ئاسای ئەو گیاندارە وا دەگەیەنێت کە توانیبێتیان لک و پۆ و تەنانەت گەڵا باریکەکانی داری کاژ بقرتێنن و بە یارمەتیی ددانە وەردەکانی نێو دوو تورەکەی لالغاوەکانیان، ورد ورد بیجوون و بیخۆن.

ئەم چەشنە دایناسۆرەش بە کۆمەڵ ژیاون. واتە پێکەوە لە دارستانەکاندا لەوەریان کردووە و پێکەوەش کۆچیان کردووە.




## ڕادەی فام و پلەی بەهرەی هۆشی ساورۆلۆفوس (EQ) :

ساورۆلۆفوس چەشنە (ئۆرنیسۆپۆد)ێک بووە. بنەماڵەی ئۆرنیسۆپۆدەکان بارستایی مێشکیان نیسبەت بە ڕادەی کێش و قورسایی لەشیان مام ناوەندی بووە. لە ناو دایناسۆرەکاندا، ساورۆلۆفوسەکان لە باری ژیری و پلەی بەهرەمەندیی هۆشەوە، لە پلەی نێوەڕاستی دایناسۆرەکان دا بوون.



## شوێنگەی دۆزینەوەی فۆسیلی ساورۆلۆفوس :

زۆربەی فۆسیلەکانی ئەندامی لەشی ساورۆلۆفوس دۆزراونەتەوە. دیرینەناسێک بە ناوی (براون)، کە یەکێک بووە لە کۆکەرەوەکانی فۆسیلی ئەو دایناسۆرە، لە ساڵی 1912 ی زایینی دا ناوی(ساورۆلۆفوس)ی بۆ هەڵبژاردووە.
زیاترین فۆسیلەکانی ئەو چەشنە دایناسۆرە، لە ئەلبەرتای وڵاتی کەنەدە و لە وڵاتی مەنگولیای چین دۆزراونەتەوە.



چەند نموونە لە فۆسیلی ساورۆلۆفوس :









فۆسیلی کاژەڵە و پۆپەی سەر و شەویلکە و دەم و ددانی ساورۆلۆفوس




فۆسیلی هێلکەی ساورۆلۆفوس



فۆسیلی سەر و کەللەی ساورۆلۆفوس







فۆسىلى نىنۆكېكى ساورۆلۆفوس



ساورۆلۆفوس

# سەیزمۆساوروس


Seismosurus=Size-moe-Sore-us



سەیزمۆساوروس


تایبەتمەندی :

سەیزمۆساوروس گیانداریَکی لە ڕادە بەدەر مەزن و درشت هەڵکەوتە بووە. درێژاییەکەی لە تەپڵی سەرەوە هەتا بنەی کلکی، (39 ـ 52 مەتر) و بەرزایی بەژنی (5مەتر و نیو) و کێش و قورساییەکەی(30،000 کیلۆ) بووە. دەکرێ بگوترێ مەزنترین گیاندارێک بووە، کە هەتا ئیمڕۆ لە سەر گۆی زەوی ژیاوە و ناسراوە. سەیزمۆساوروس بە هەموو گۆشتنی و قەڵافەتی لە ڕادەبەدەر مەزنییەوە، سەر و سەکوتێکی بچکۆڵانە، دەم و زارێکی بچوک و دوو ڕیزە ددانی وردی بزماری هەبووە. ددانەکانی لە بەشی پێشەوەی دەمی دا جێگیر بوونە و لە بەشی دواوەوەی شەویلکەکانیدا ددانی نەبووە. دوو کونە لووتەکانی لە بەرزایی سەرە بچکۆڵانەکەی دا جێگیر بووە.



فۆسیلی کاژەڵەی سەر و دوو شەویلکە
و ددانەکانی سەیزمۆساوروس

قاچەکانی قوڵە بوون ، بەڵام قاچەکانی پێشەوەی لە هی پاشووی بچووکتر بوون . هەر قاچەی پێنج قامکی کورت، کە هەر تەنێ یەکێک لە نینۆکەکانی هەر قاچەی تیژ و چەنگوڕ دار بووە. پێدەچێت کە تاک چەنگوڕە تێژەکانی هەر قاچەی وەک چەکی بەرگری لە دژی هێرشی گیاندارانی تر دەکار هێنابێت.
هۆی کورت بوونی چوار قاچی سەیزمۆساوروس، لەوانەیە بۆ ڕاگرتنی لەنگەری لەش و لاری مەزن و قورسی بووبێت .




قورسایی 30.000 کیلۆیی گیاندارێک لە سەر چوار قاچی بەرز و بڵیند، ڕەنگە هەمیشە نەگەری کەوتن و تێداچوونی گیاندارەکەی هەبووبێت، بۆیە گەشەی سروشتی گیانداران چاوی لە لێک و لووسی و ڕێک و پێکیی ئەندامی ئەو نەبووە، بەڵکە چاوی لە پێکهاتەیەک بووە ، کە هەموو ئەجزاکانی ئەو پێکهاتەیە وەک سیستەمێک و چەشنی ماشێنێک لە خزمەتی ڕەحەتی و حەسانەوەی گیاندارەکە دابن .

لە ژێر ئێسقانەکانی مورووی پشتی ئەم چەشنە دایناسۆرەدا ئیسقانگەلێکی یەکجار زۆر مەزن ، کە ئەو ئێسقانە مەزنانە هەم لە بەشی پێشەوەی ئەندامی و هەم لە بەشی دواوەوەی دا چۆڵەمەیەکی زۆر گەورەی ئێسقانییان ساز داوە. ئەو چۆڵەمە مەزنە لە ڕاستی دا وەک قەڵغانی پاراستنی لەش و لاری و، هەمیش بۆ کارئاسانیی لە کاتی وەرچەرخانەوەی مل و کلکی درێژێ، وەک سوکانێکی بە مەتمانە نەخش و دەورێکی پڕتایبەتییان بووە.



بەشێک لە فۆسیلی چوارئێسکەی سەیزمۆساوروس .

پێکهاتەی مۆرە و ئێسقانەکانی کلکی سەیزمۆساوروس سیستەمێکی نادیار، بەڵام پڕتایبەت بووە. لە ڕاستیدا هەر ئەوجۆرەی کە (مار) دەتوانی بە یارمەتیی مۆرە تایبەتییەکانی ئەندامی، بەرەو هەموو لایەک وەرچەرخێتەوە و پێچ و خول لێبدات، هەر ئەوجۆرەش کلکی سەیزمۆساوروسیش توانیوێتی بە چەشنی شەلاقێکی نەرم ، هەڵس و کەوتێکی باش و بەکارهاتوو بکات و بە هەر چوار کەنارانی دا بگەڕێت. وێدەچێت سەیزمۆساوروس ئەو کلکە نایابەی بۆ بەرگری لە خۆی و لە دژی هێرشی گیاندارانی چڵێسی گۆشتخۆر بەکار هێنابێت.



لێرەدا سەیزمۆساوروسێک کەوتۆتە بەر هێرشی دایناسۆریکی گۆشتخۆری برسی. ئەو هێرش دێنێت و سەیزمۆساوروسەکە بە کلک بەرگری دەکات .
ئەو برسییە و بۆ تێرکردنی زگی برسی هێرش دێنێت ؛ ئەمیش دەترسێت و بۆ پاراستنی سەر و گیان بەرگری دەکا .
کامیان سەردەکەوێت سروشت دەیزانێت !

## درێژیی ملی سەیزمۆساوروس بۆ چی ؟


کلکی ئەو گیاندارە تەنیا چەکی شەڕ و بەرگری بووە لە دژی گیاندارانی هێرشکەر دا. کلکی درێژی ئەو گیاندارە مەزنە، چەکێکی هەرە کارای ڕاگرتنی سەر و ماڵی بووە و ئەگەر نەیبوایە، مان و بوونی دەکەوتە بەر مەترسی. کلک بەم چەشنە درێژ بێ، لەو بەری ترازووی لەشی گیانداریش دا دەبێ ئەندامێک هەبێ بۆ ڕاگرتنی لەنگەر و باڵانسی لەش و لاری مەزنی . سەرەڕای ئەم دەور و نەخشە، ملی درێژ لە خواردن و لەوەڕ دا یاریکاری بووە. سەیزمۆساوروس لە دارستانەکاندا بە شوێن دۆزینەوەی گەڵا و پەلکی دارە بەرزەکان، ملی درێژی بە نێو چڵۆکاندا گێڕاوە و سەرتوولی دارەکانی ڕنیوەتەوە. لە ڕاستیدا ملی درێژ و کلکی درێژ، دوو ئامێری بەکارهاتووی ئەو چەشنە دایناسۆرە بوون.

## خورد و خۆراکی سەیزمۆساوروسەکان :

ئەو دایناسۆرە گیاخۆرە خاوەنی دوو ڕیزە ددانی بزماری بووە، کە ددانەکانی ئاماڵ کول بوون(زۆر تیژ نەبوون). کاتی لەوەڕ، زۆر بە پەلە و بەبێ جووتن ، تفاقی کۆ کردۆتەوە و خواردوویەتی. هاوکات دەگەڵ خواردن، خڕکە بەردیشی قوت داوە و بە یارمەتیی خڕکە بەردەکان توانیوێتی تۆڵەی ددانی کول بکاتەوە و لە درێژەی ڕیخۆڵەی دوور و درێژی دا تفاقی نەجوراو ورد بکات.
شایانی باسە بگوترێ کە فۆسیلی دۆزراوەوەی ئەم چەشنە دایناسۆرە ، گەلێک خڕکەبەردیشی تێدا دۆزراوەتەوە.
لەوانەیە خۆراکی هەرە تایبەتی سەیزمۆساوروس گەڵا و گوڵ و توخم و تۆوی داری سەوڵ و سنەوبەر بووبێت کە لەو سەردەمەدا بەشێک لە وشکانییەکانی داپۆشیبوو.
سەیزمۆساوروسەکان بەتێکڕایی و لە پەنای یەکتر دا ژیاون. تەنانەت جێ لەوەڕ و دەمی کۆچ و سەفەرەکانیشیان هەر پێکەوە بووە. ئەوانیش شان بە شانی دایناسۆرە گیاخۆرەکان لە کاتی چرووسانەوەی لەوەڕگەکانیان دا ناچار بە کۆچ کردن بوون و پێکەوە کۆچیان کردووە.

## زەو و زووی سەیزمۆساوروسەکان :


لەوانەیە ئەم چەشنە دایناسۆرەش هەر وەک ساورۆپۆدەکان هێلکەیان کردبێت.
ئەوانیش لە دەمی کۆچ کردن دا، بەبێ هیچ لانە و هێلانەیەک لە درێژەی ڕێدا هیلکەیان کردووە و جێیان هێشتوون.



سەیزمۆساوروسەکان کاتی کۆچ کردن و جێ هێشتنی دارستانە چرووساوەوەکان و دۆزینەوەی لەوەڕگەی قەڵەوتر .
پێدەچێت هەر لەم سەیر و سەفەرانەیان دا هێلکەیان کردبێت و جێیان هێشتبێت .

## ڕادەی فام و هۆشی سەیزمۆساوروسەکان :

سەیزمۆساوروسەکانیش کە لە بنەماڵەی ساورۆپۆدەکان بوون، پلەی بەهرەی هۆش و فامیان زۆر لە خوارەوە بووە.




ئەم چەشنە دایناسۆرە گەلێک تەمەن درێژ بوونە و زیاتر لە 100 ساڵ تەمەنیان بردۆتە سەر.

## سەردەمی ژیانی سەیزمۆساوروسەکان :

لە دەورەی ژوراسیکی نوێ واتە نزیک بە (145ـ 156) ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستاکە ژیاون. سەردەمی ژوراسیکی نوێ، سەردەمی ژیانی چەشنە جۆراوجۆرەکانی ساورۆپۆدی مەزن بووە، بۆ نمونە : کاماراساوروسەکان، ئاپاتۆساوروسەکان و براکیۆساوروسەکان.

هاوکات و هاوزەمان دەگەڵ چەشنەکانی ناوبراو، چەشنی تۆجیانۆگۆساوروس، ئالۆساوروس، سۆپەرساوروس، کۆئەلۆساوروس و گەلێکی تریشی تێدا ژیاون.





## فۆسیل و شوێنگەی دۆزینەوەیان :

فۆسیلی ئەم چەشنە دایناسۆرە لە (نیومەکزیک)ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆزراونەتەوە.

سەرەڕای دۆزرانەوەی لەتکە فۆسیلەکان، چەندین بەردی ناو ورگ و ڕیخۆڵەی ئەو گیاندارەش دۆزراونەتەوە.

دێرینەناسێک بەناوی (ژیللەت Gillette ) ئەم چەشنە دایناسۆرەی لە ساڵی 1991ی زاییینی دا ناودێر کرد.





گەڕان بە شوێن فۆسیلی گیانداران



دۆزینەوە و دەرخستنی لەتکە فۆسیلەکان



تێک خستنەوە و گرێ دانەوەی بەند بەندی ئێسقانەکان و
سازکردنەوەی دایناسۆری چەندین ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا

# دیپلۆدوکوس

# Diplodocus= dip – low – doh – cuss


وشەی دیپلۆدوکوس بە مانای دوو تیغەیی یە؛ هۆی ئەم ناوەش بوونی دوو تیغەی ئێسقانیی بەرامبەر بە یەکتر بووە لە حاستی بڕبڕەی پشتی ئەو گیاندارە دابوون.




تایبەتمەندی :

دیپلۆدوکوس، یەکێک لە درێژترین گیاندارانی گیاخۆری ویشکانییەکانی سەردەمی خۆی بووە. تایبەتمەندیی ئەو گیاندارە، ملی یەکجار زۆر درێژ و کلکی فرە بەتوانای بووە. درێژایی دیپلۆدوکوس ـ ەکان لە تەپڵی سەریانەوە هەتا بنەبانی کلکیان نزیک بە (27 مەتر)، ملی درێژیان (8 مەتر) و کلکیان نزیک بە (14 مەتر) بووە. لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەو چەشنە دایناسۆرە، سەر و سەکوتی لە ڕادەبەدەر بچووکیان بووە.

هەروەها لە خوێندنەوەی چەرمی فۆسیلەبووی دیپلۆدوکوس، دەرکەوتووە کە سەر پشتییان دڕوو دار بووە.




تایبەتمەندیی دیپلۆدۆکوس ـ ەکان کلک و ملی درێژیان بووە، کە لە نێو داینا سۆرەکانی هاو سەردەمی خۆیان دا هەڵکەوتەیەکی تایبەت بوون .



سەر و سەکوتی بچکۆلانەی دیپلۆدۆکوس ـ ەکانیش یەکێک لە تایبەتمەندیی ئەو گیاندارە بووە لە نێو داینا سۆرەکاندا .

کێشی دیپلۆدوکوس ـ ەکان نێوانی ( 10 هەتا 20) تۆن(تەن) مەزەندە دەکرێت. دوو قاچی پێشوویان لە قاچەکانی دواوەیان قوڵەتر بوونە و هەر چوار قاچەکانیشیان بە چەشنی قاچی فیل ، پێنج قامکی بوون.



دوو قاچی پاشووی دیپلۆدۆکوس ـ ەکان درێژتر لە دووی پێشوویان بووە و هەر چوارقاچەکانیان ، چەشنی قاچەکانی فیل ، پێنج قامکی بوون.

ددانە تیژ و بزمارییەکانیان لە بەشی پێشەوەی دوو شەویلکەیان، هەر ڕاست لە ژێر لچ و لێوەکانیان دا جێگیر بوونە و لە بەشی پشتەوە دا هیچ ددانێکیان نەبووە.




## خورد و خۆراکی دیپلۆدوکوس:

دیپلۆدوکوسەکان گیاخۆرانێک بوون، کە بەهۆی ملی درێژیانەوە دەستیان بە سەر تووڵ و سەرچڵووکی هەموو دار و دەرختانێک دا ڕاگەیشتووە.




دیپلۆدوکوس، بە یارمەتیی ددانە بزمارییەکانیانەوە هەمە چەشنە گژ و گیا و گوڵ و بەرگ و بەری دار و درەختانیان خواردووە، بەتایبەت لە دەور و بەری دارستانە سنەوبەرەکاندا ماونەتەوە و لە گەڵا و چڵۆک و دەنک و دانیان کەڵکیان وەرگرتووە. دیپلۆدوکوس ـ ەکان یەکجار زۆر بە خۆراک بوون. زۆرخواردنەکەیان لە بەرێک ، لە لایەکی تریشەوە چونکە بە شێوەی ڕەوە و بە کۆمەڵ پێکەوە ژیاون، زۆرجاران بوونەتە هۆی تەواو کردنی گژ و گیا و، کز و کەم کردنەوەی لک و پۆی دار و دەرختان. بۆیە زۆرجار ناچار بوون، ماوە بە ماوە ، شوێنی لەوەڕی خۆیان بگۆڕن و جێ لەوەڕی قەڵەوتر بدۆزنەوە.





دیپلۆدۆکوس گیاندارێکی گیاخۆر بووە، کە بەهۆی زۆرخۆری و ژیانی تێکڕاییان ، زۆر زوو دارستانی مەڵبەندێکیان ڕوتاندۆتەوە و ناچار بە کۆچکردن بوون.

## سەردەمی ژیان و گەشەی دیپلۆدوکوس :

دیپلۆدوکوسەکان لە دەورەی ژوراسیک Jurassic ، واتە نزیک بە 155 ملیون ساڵ بەر لە سەردەمی ئێستا دا ژیاون.




### مەڵبەندی جوگرافیایی فۆسیلی دیپلۆدوکوسەکان:




ساڵی 1877 دوو دێرینەناس بە ناوەکانی (ئیرل داوگلاس) و (سامۆەل ویلیستۆن) توانیویانە شوێنەواری ئەم چەشنە دایناسۆرە لە کوێستانەکانی (راکی)ی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە (کۆلۆرادۆ)، (مۆنتانا) ، (ئۆتاوا) و (وەیمینگ)


بدۆزنەوە. دواییش پسپۆڕێکی دێرینەناس بەناوی(ئۆتنەیل مارش) لە ساڵی 1878 دا، ناوی لێ ناون.



ئۆتنەیل مارش　　ساموەل ویلیستۆن　　ئیرل داوگلاس

چەند نموونە لە فۆسیلی دیپلۆدۆکوس :






فۆسیلی دیپلۆدوکوس



فۆسیلی کاژەڵەی سەر و دوو
شەویلکە و ددانە بزمارییەکانی
دیپلۆدوکوس .

..............................